## عارف باوەجانی :

# ئێران بە نیازە ئەو ئاوانە وشک بکات کە بەخاکی کوردستاندا تێپەڕدەبن

*لەم دیمانەیەدا (عارف باوەجانی) سکرتێری پارتی سەربەستی کوردستانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە حزبەکەیان و ڕەوشی خەباتی ڕزگاریخوازی و چەند پرسێکی هەنووکەیی، وەڵامی پرسیارەکانی کوردستان راپۆرتی داوەتەوە.*

دیمانە : سۆران جەماڵ

**کوردستان راپۆرت:** پارتی سەربەستیی کوردستان لە کاتی دروستبوونیەوە تا ئێستا، چەند پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوەو باردۆخی ئەمڕۆی چۆن دەبینیت؟

**عارف باوەجانی:** بە گشتی دەکرێت بگوترێت کە بەرەو گەشە سەندن دەچێت، هاوبیرو ڕێکخستنەکانی لە ناوخۆی وڵات زیادی کردووە، پێوەندییە دیپلوماتییەکانیش ڕۆژانە بەرەو زیادبوون دەڕوات، وێڕای ئەوەش زۆر خاڵ و پرۆژەی دیکە هەیە کە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان بەردەوام کاری لە سەر دەکەین، تا بتوانین خۆمان لەو ئاستەشدا ببینینەوە. زۆر خاڵی گرنگ لە ڕێگادایە کە گۆڕان و وەرچەرخانی پارتی سەربەستیی تێدا دەبینرێت، وەک بەستنی کۆنگرەی یەکەم و بە هێزکردنی دەزگای ڕاگەیاندنی پارتیمان.

**کوردستان راپۆرت:** پارتی سەربەستیی کوردستان تەنیا بە شێوازی سیاسی خەباتی خۆی بەڕێوە دەبات یان لە ڕێگای چەکداریشەوە ئامانجی خۆی دەپێکێت ؟

**عارف باوەجانی:** سەردەمی دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە زۆر گۆڕانکاری نوێ سەریهەڵدابوو، لەمەڕ ئەزموونی زۆر شێوەخەبات لە کوردستان و جیهاندا لە دەیەکانی پێشوودا، هەل و مەرجی نوێ وای دەخواست کە گۆڕانکاری بە سەر شێوەی خەباتەکاندا بێت، ئەوانەش هۆکاربوون کە پارتی سەربەستیی کوردستان دەبێت لە سەردەمی گلوبالیزمەوە شێوەیەکی نوێ خەبات هەڵبژێردرێت و بە باشترین ڕێگاچارەی بزانێت کە ئەویش خەباتی دیپلوماتییەتە، بەڵام ئەگەر هەلومەرجی کاری ئایندەمان ئەوە بخوازێت کە پێویستە هێزی پێشمەرگەمان هەبێت، ئەوە دوور نییە کە ئەو شێوە خەباتەش پەسەند بکەین .

**کوردستان راپۆرت:** سەردانە گرنگەکەی سەرۆک بارزانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا چۆن هەڵدەسنگێنی؟

**عارف باوەجانی:** بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرکردەیەکی لێهاتووە، هەرچەندە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕەسمی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕانەگەیەندراوە، بەڵام لێهاتوویی کاک مەسعود وایکردووە کە بۆ هەر وڵاتێک بچێت، وەک سەرۆکی وڵاتێک لە لایەن سەرۆکی ئەو وڵاتەوە پێشوازی لێبکرێت. نموونەیەکی زۆر مێژوویی و گرنگ هەیە کە پێویستە لە یادی نەکەیەن، جەنابیان ساڵی پێشوو قەراربوو سەردانی وڵاتی چین بکات، لە کوەیت هەواڵی پێگەیشت کە سەرۆکی چین ناتوانێ پێشوازی لێبکات، بەڵام وەزیرەکانی ئامادەن پێشوازی لێبکەن، دیاربوو کە وڵاتێکی دژە کورد وای لە سەرۆکی چین کردبوو ئەو پێشوازییە نەکات و پەشیمان بێتەوە، سەرۆک بارزانیش زۆر مەردانە ئەو سەفەرەی هەڵوەشاندەوە و ڕایگەیاند مادام سەرۆکی ئەو وڵاتە ئامادە نەبێت وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیمان بکات، ئێمەش سەردانی ئەو وڵاتە ناکەین. بەڕاستی ئەمجۆرە هەڵوێستانە لە نێودڵی جەماوەری کوردستان و چاودێرانی سیاسی جیهانیش جێگای ڕێز و ستایشە.

لەبواری دیکەشەوە هەر باسێکی سیاسی لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا بێتە پێشەوە، 50 % پێوەندی بە کوردەوە هەیە، بەتایبەت مەسەلەی ڕێککەوتنی درێژخایەنی نێوان عێراق و ئەمریکا، کە بە ڕێککەوتنی ئەمنی ناودێر دەکرێت، بەڵام من بە ڕێککەوتنی درێژخایەنی بەرژەوەندی ئەمریکا لە عێراق ناو دەنێم. بانگهێشتنی فەرمی کاک مەسعود بارزانی لە لایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ واشنگتۆنی ناوەندی بڕیاردان، پێشاندانی قورسایی وەزنی کوردە لە عێراق و سەرۆکایەتی کورد، کە ئەمریکا دەیەوێ لەو وەزنە قورسە کەڵک وەربگرێت بۆ ڕازیکردنیان لەمەڕ پشتیوانی کردنی ئەو ڕێککەوتننامە ئەمنییە . ئەگەر سەرکردەکانی کوردستانی لەو بوارەدا زیرەکانە هەڵسوکەوتی سیاسی نەکەن، ئەوا دیسان دەستکەوتێکی دیکەی وەک پەیمانی لۆزانمان لە کیس دەچێیتەوە، جەنابی سەرۆک بارزانیش وەک سەرکردەیەکی لێهاتوو بەرپرس هەست بەو خاڵە گرنگە دەکات، کە ئەمڕۆ لە تەواوی عێراق و وڵاتانی دراوسێی عێراقیش بووەتە باسی ڕۆژانە. حەتا نیگەرانی ئێرانیشی پێوە دیارە، ئێران زۆر هەوڵدەدا لەڕێگەی وەبەرخستنی تەماحی مادییەوە زاری هندێک لە بەرپرسانی عێراقی چەور بکات، بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو ڕێککەوتنە درێژخایەنە سەربگرێت و لە پەرلەمانی عێراقی پەسەندبکرێت. بەبۆچوونی من ئەمە یارییەکی گرنگی سیاسییە و هەلێکی باشە بۆکورد هەڵکەوتووە، کە چۆن بتوانێ یارییەکی سەرکەوتووانەی سیاسی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ هەوێنی واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکاتە مەرجی پاراستنی هەمیشەیی خاکی کوردستان ومافەکانی گەلی کورد لەو بەشەدا، بۆ ئەوەی کە کورد وەک ڕێککەوتننامەکانی پێشوو نەبێتە قوربانی ئەمجۆرە ڕێککەوتنەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ولایەنەکانی بەرامبەر. بانگهێشتنی کاک مەسعود بە شێوەیەکی فەرمی بۆ ئەمریکا بۆ

## داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردی دەکەم ئاگایان لەو پەنابەرانەی سنووری نێوان عێراق و ئۆردون بێت کە مەترسیی گیانیان لەسەرە

جاری دووەم، مەسەلەی دیکەی گرنگی بە دوادادێت، لەوانەیە باسکردنی لە ئێستادا لە بەرژەوەندی گەلی کوردمان نەبێت.

**کوردستان راپۆرت:** بە سە رنجدان بەوەی کە ئێران خاوەن مووشەکی قورس و چەکی ئەتۆمییە، کاریگەری خەباتی سیاسی پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لاوازکردنی ئەو دەسەڵاتە چۆن دەبینن؟

**عارف باوەجانی:** هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەرگیز بە کەڵەشینکۆف و ئاربیجی ناتوانێت ڕژێمێکی وا زلهێزو خاوەن ئەو هەموو چە کە کۆمەڵکوژ و قورسانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بروخێنێت، دیارە گەلی کورد لەبەرامبەر ئەو هەموو هێز و چەکانەی دوژمن هەرگیز بە چۆکدا نەهاتووەو بگرە بەرامبەری ڕاوەستاوە، بەڵام کە باس لە ڕووخاندنی نیزامەکە دەکرێت، ئەوە باسێکی دیکەیەو دەبێت ڕاستییەکان بوترێت، بۆ ئەو ئەرکە گرنگە ئێمە پێمانوایە پێویستە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تواناکانیان یەکبخەن وبە پرۆژەیەکی یەکگرتووانە، بۆ ناساندنی کێشەی گەلەکەمان لە ئاست هێزی ناوەکی و هێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهاندا، شانبەشانی نەتەوەکانی دیکەی بندەست، بەمەبەستی لاواز کردن و نەهێشتنی ئەو دەسەڵاتە کار بکەین.

**کوردستان راپۆرت:** ئایا زیادبوونی گوشارو توندوتیژی حکومەتی ئێران دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر پشتگیری لە کێشەو پرسی کورد بکەن؟

**عارف باوەجانی:** تا ئەم ڕژێمە گوشارەکانی زیاتر بخاتە سەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ونەتەوەکانی دیکەی بندەست، ئەوا زیاتر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی ئەم ڕژێمە بۆ جیهان ئاشکرا دەبێت، نموونەش مانگرتنی بەندییەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بۆ ماوەی 46 ڕۆژ درێژەی هەبوو، دەنگدانەوەیەکی نێونەتەوەیی بە شوێندا هات، زۆر پەرلەمانتار و ڕێکخراوی مرۆڤایەتی جیهانی پشتگیری لە مانگرتووانی کورد کرد، داوایان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد کە مافی بەندییەکان بپارێزن وئەو حوکمە نارەواو نادروستانە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام وەک حکومەت و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەمەڕ بەرژەوە ندی ئابووری خۆیان هەرگیز پشتیوانی کورد ناکەن، دەبێت زۆر زیرەکانە هەوڵبدەین کە ئەو وڵاتانە تێگەیەنین، بەڵێنی ئەوەیان پێبدەین کە ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییەی ئەوان دەیانەوێ لە داهاتووشدا لە ناوچەکانی کوردستان ونەتەوەکانی دیکەی بندەست هەر دەمێنێتەوە و لە ئاستێکی زیاتریش دەبێت.

**کوردستان راپۆرت:** ئایا تۆپبارانەکانی ئێران و ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی تورکیا لە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها بە مەبەستی دژایەتیکردنی ( پ ک ک) یە، یان دژایەتیکردنی هەموو دەستکەوتەکانی کوردە ؟

**عارف باوەجانی:** بە هەر شکڵ و شێوەیەک لە گەڵ تورکیا مامەڵە بکەین، تورکیا هەر لە هزری کزکردنی کورددایە و هەمیشە بە نیازە ئەو دەستکەوتانەی باشوور بەرەو نەمان ببات، تورکیا بە ئاشکرا دەڵێت ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە ئەفریقاش دابمەزرێت، ئێمە ناهێڵن، ئیدی چۆن بەرامبەر بەو دەستکەتانەی باشوور بێدەنگ دەبێت، تورکیا باش دەزانێ باشوری کوردستان بەرەو چ ئاسۆیەک دەڕوات، بەڵام هەموو شتێکی کردووەتە بەهانەی بوونی هێزەکانی پێکاکا لەو دەڤەرانە، چەند ڕۆژ پێش هەواڵی ئەوەش بڵاوکرایەوە کە کۆمەڵێکی زۆر کەلوپەلی بیناسازی و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کە لە وڵاتێکی ئەوروپاوە بە شێوەی بازرگانی بەرەو کوردستان هاتووە، تورکیا ڕێگای پێنەداوە بچێتە خاکی کوردستان، ئەمانە نموونەی کردەوەکانی هەمیشەیی تورکیان.

مەبەستی سەرەکی تورکیا و ئێران تەنیا تێکدانی ئاسایش و دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە ئێرانیش بە بیانووی جۆراوجۆر ڕۆژ نییە ناوچە سنوورییە دەستدروسکراوەکان تۆپباران نەکات، ئێران حەتا بە نیازەوە ئەو ئاوانە وشک بکات کە بەخاکی کوردستاندا تێپەڕدەبن. ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان هەمیشە لە کۆبوونەوەو دیدارەکانمان لەگەڵ لایەن و نوێنەرانی وڵاتانی جیهانی ئەو خاڵەمان باسکردووە، لایەنەکانی دیکەی کوردستانیش لەو بوارەدا بێهەڵوێست نەبوون.

**کوردستان راپۆرت:** پەیوەندی نێوان پارتە سیاسی و چەکدارییە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵقدا چۆنە؟ لە کاتێکدا ئەوان لە هەندێ وڵات بە تیرۆریست ناو دەبرێن ؟

**عارف باوەجانی:** ئێمە وەک پارتی سەربەستیی کوردستان هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق نییە، تا ئەوەی ئێمەش ئاگاداربین زۆربەی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییان لەگەڵیان نییە، ئێمە دەتوانین پێوەندیمان لەگەڵ لایەنێکی ئێرانی بێت، کە بە کردەوە دان بە مافی چارەی خۆنووسی گەلی کورددا بنێت، تەنیا بە قسە و بەڵێندان نەبێت، ئەو خاڵەش ئێستا لە سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران بە دیناکرێت، ئەگەر زەمانێک گۆڕانکاری لەواندا دروستبوو لەمەڕ گەلی کورد، ئەو کات بە خۆشحاڵییەوە پێوەندییمان لەگەڵیان دەبێت.

**کوردستان راپۆرت:** دەسەڵاتی سیاسی شیعە لە عێراق، تا چەند ڕێخۆشکەرە بۆ دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆو سیاسەتی عێراقی فیدراڵدا ؟

**عارف باوەجانی:** لەپێشدا لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئایین و مەزهەبەکانی جیهانی وبە تایبەت بۆ مەزهەبی شیعە، شک وگومان لەوەدا نییە کە ئێران بەبیانووی مەزهەبی شیعەگەرییەوە، نەک هەر عێراق، بگرە دەستدەخاتە نێو زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دیکەی وەک ئەفغانستان و چەند وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی لە ئاسیادا، نموونەش لەو دەستێوەردانانەی ئێران زۆرن و زۆرجار لە میدیاکانی جیهان باسکراون. ئێستاش دەستێوەردانی لە عێراق زۆر بۆی ئاسانە، بۆ هەموو لایەکمان ڕوونە کە زۆربەی سیاسی وبەرپرسانی عێراق ئێستا، بەوتەی خۆیان بەدەیان ساڵ زیاتر پەروەردەی قوتابخانەی خۆمەینی بوون، ئایا چۆن دەتوانن لەو خەتە بترازێن، من پێموایە تا ئەو ڕژێمەی ئێستای ئێران لە سەر حوکم بمێنێت، عێراق و زۆربەی وڵاتان ئاسایش و ئارامی بە خۆیانەوە نابینن. ئەحمەدی نژاد لە پرۆژەی یەکەم کاری گرنگی خۆی ویستی ئیمپراتۆریەتی شیعەیی جیهان دروستبکات، بەڵام عەرەبستانی سعودی هەستی بەوە کرد و لەبەرامبەر ئێراندا خۆڕاگری خۆی نیشاندا، ئەویش لە وڵامی ئەحمەدی نژاددا ئەیویست ئیمپراتۆری مەزهەبی سوننی جیهانی دروستبکات، دیارە عەرەبستانی سعودی لەو بوارەوە پشتیوانی زیاتری هەبوو. ئەوە بوو کە دیتمان ئەحمەدی نژاد بۆ پاکانە و دڵنیاکردنەوەی سعودی لەوەی کە نیازی وای نییە، ساڵێ پێشوو سەردانی عەرەبستانی سعودی کرد.

**کوردستان راپۆرت:** تاوەکو ئێستا لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا چ هاوکاری و بەڵێنێک دراوە بە لایەنە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**عارف باوەجانی:** هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش ئەوەی چاوەڕوانی هاوکاری لە لایەنی دەرەکی بکەن، دەبێت پێش هەموو شتێک خۆیان لە ژێر ناوی بەرە بێت، یا هەر ناوێکی دیکە، یەکێتییەکی باشی پێکەوەکارکردن دروستبکەن، جا ئەو کات ئاسانتر دەبێت بۆ هەر وڵات و لایەنێک کە هاوکاری جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات، بەڵام لە یەکدووری و پرش و بڵاوی وامان لێدەکات کەس نەبێتە خاوەن کێشەکەمان .

**کوردستان راپۆرت:** ڕێکخراوە مرۆییەکانی جیهان و ئەوانەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن، تا ئێستا چ فشارێکیان خستووەتە سەر ئێران بۆ ڕزگارکردن و بەهاناچوونی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**عارف باوەجانی:** ئەو ڕێکخراوانە کە دەسەڵاتی هێزیان لە جیهاندا نییە هەمیشە پشتگیری تەواویان لە دۆزی کورد کردوە، نموونەی نوێی بەرچاو ئەوە بوو کە لە گەڵ مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەندیخانە جیاجیاکانی ئێران. بە دەیان ڕێکخراوی مرۆیی جیهانی پشتیوانی خۆی دەربڕی وبە نامە و بەیاننامە داوایان لە ئێران دەکرد، کە مافی بەندییەکان بپارێزرێت و ئەو حوکمە توندانەی لەسەریان دەدا، هەڵیوەشێنێتەوە، هەروەها ئەو ڕێکخراوانە داوایان لە حکومەتی خۆیان کرد کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران بپچڕێنن،چونکە ئێران وڵاتێکە مافی مرۆڤ پێشێل دەکات، حەفتەیەک پێش بوو کە بەڕیز بانکی مۆن نیگەرانی خۆی لە سەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێران دەربڕی، بەڵام مخابن دەسەڵاتە گەورەکان لە بەر بەرژەوەندی ئابووری نایانەوێ ئەو پێوەندییە ببڕن.

**کوردستان راپۆرت:** ماوەیەکە لە لایەن ئەنجومەنی ڕابوونەوە (مجلس صحوە) لە سنووری ئەردەن – عێراق هەڕەشە لە کوردە پەنابەرەکان دەکرێت، ئەمەش دیسانەوە سەرگەردانییەکی تری ئەو میللەتەی لێ بەدیدەکرێت، ئایا پارتی سەربەستیی کوردستان چی ڕێگایەکی گرتووەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەوگرفتە؟

**عارف باوەجانی:** بۆ ماوەی نزیک بە 4 ساڵە ئەو کوردانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر سنووری نێوان عێراق و ئۆردون گیریان کردووە، لە حاڵێکدا زۆربەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقی ئێستاش کوردن، ئەو پەنابەرانە لە سەرەتای ساڵی 2005 ەوە لە ترسی هەڕەشەی تیرۆریستان لە ئۆردوگای ئەلتاش هەڵاتن و خۆیان گەیاندە ئەو شوێنە، بە مەبەستی ئەوەی کە ڕێکخراوی کۆمیسارییایی بەرزی پەنابەرانی جیهان بیانگوێزێتەوە بۆشوێنێکی ئاسایش، بەڵام بە داخەوە لە تەمەنی ئەو 4 ساڵەدا نەیانتوانیوە 4 کاتژمێر بە ئاسایشی بژین، هەمیشە مەترسی گیانییان لە سەرە، تا ئێستا چەند کەسیان لەو سنوورە بە نەخۆشی مەترسیدار گیانی لە دەستداوە، هەروەها چەندین کەسیان تووشی نەخۆشی بوون، کە بۆ چارەسەری پێویستی بەوەیە بگوازرێنەوە نەخۆشخانە گەورەکان، بەڵام نە حکومەتی عێراق و نە ئۆردون هیچیان نایانەوێ ئەو پەنابەرانە بچنە خاکەکەیان، لە سەرەوە ئەو هەموو کێشانەش ئەنجومەنی ڕابوون (مجلس صحوە) کە پێکهاتەی عەشایرەکانی ڕۆمادییە و گوایە بە دژی ئەلقاعیدە لە لایەن ئەمریکاوە دروستکراون، کەچی ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەر بە کورد لەگەڵ ئەو 180 پەنابەرە پێشانداوە، پێویستە باسی ئەوەش بکەم کەهەر ئەو چەکدارانەی ئێستای پارێزگای ئەلئەنبار، بە هێزترین و بە باوەڕترین هێزی پشتیوانی سەدام حوسێن بوون، لە ئەنفال و ماڵوێرانکردنی کوردەکاندا، من لە ڕێگەی ئەم وتووێژەوە داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردی دەکەم لە حکومەتی عێراق وەک بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی وکاک هۆشیار زێباری و کاک دکتۆر بەرهەم ساڵح کە ئاگایان لەو پەنابەرانە بێت و ڕێگا نەدەن بە ئەنجومەنی سەحوە هەڕەشەیان لێبکەن، تورکێک لە هەر قوژبینێکی ئەم جیهانە زوڵمی لێ بکرێت، تورکیا یەکسەر لەسەری بە وەڵام دێت، با ئێمەی کوردیش خەمخۆری بۆ یەکتر بە کردەوە نیشان بدەین.

**کوردستان راپۆرت:** خوێندنەوەتان چییە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ ناوچەکانی خانەقین و جەلەولا و دەوروبەری لە لایەن سوپای عێراقەوە، لە کاتێکدا ئەو ناوچانە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا زیاتر ئارامییان پێوە دیاربوو؟

**عارف باوەجانی:** من بۆخۆم لە سەردانەکانم بۆ باشووری کوردستان سەردانی شاری خانەقینم کردووە، ئەو ئارامییەی لە سلێمانی وهەولێر دیتوومە، لە خانەقینیشم وامبینیوە، بەڵام مالکی نایەوێ ناوچە دابڕاوەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بن، دەیانەوێ بە هەر بەهانەیەکەوە بێت، کێشەو ئاژاوە بخەنە سەر ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی بەو بەهانەوە هێزەکانیان بێننەوە ناوچەکە، باشە مالکی ئەو هێزە زۆرەی بۆ موسڵ بۆ نانێرێ ڕۆژانە ماڵە مەسیحییەکان دەکوژن و دەربەدەریان دەکەن؟ بۆ ئەو هێزەی نانێرێ بۆ ناوچەی سەدری بەغدا، یا بۆ زۆربەی ناوچەکانی دیکە کە لە پاش نیوەڕۆ دەسەڵاتی حوکومەتی عێراقی تێدا نامێنێت، زۆر گرنگە کە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان زیاتر لەوەی ئێستا هەیە ئامادە بن، وەک ئەزموونی هەمیشەیی ڕژێمە تازە و بێدەسەڵاتەکان لەسەرەتاوە لەگەڵ کورد نەرم بوون، بەڵام کاتێک خۆیان گرتووەتەوە یەکسەر هێرشیان کردووەتە سەر کوردەکان بە مەبەستی سەرکوتکردنیان، وەک عەبدولکەریم قاسم، حەسەن بەکر، سەدام، خومەینی و دەیان بەڵگەی دیکەی مێژوویی، بەڕاستی جێی خۆیەتی کە دەستخۆشانە لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکدەنگی کورد بکەین لەمەڕ هاتنی سوپای عێراق بۆ خانەقین، کە زۆر زیرەکانە لە خانەقین مانەوەو نەیانهێشت ئەو پلانە گڵاوە سەربگرێت،هیوداریشن کە هەروا لە بەرامبەر هەر بستە خاکێکی کوردستانی داگیرکراو یەکگرتووبن، ئەمەش سەرکەوتنی بە شوێندادێت.

**کوردستان راپۆرت:** بۆچی دەسەڵاتی باشووری کوردستان ڕێگا بە پارتی سەربەستیی کوردستان نادات بنکەو بارەگای لە سەر خاکی باشوری کوردستان هەبێت ؟

**عارف باوەجانی:** وەڵامەکەی ئەو پرسیارە لای بەڕێزانی باشووری کوردستانە، ئێمە هیچ هەڵەیەک لە خۆمان شک نابەین و بە بەڵگەوە دەتوانم بیسەلمێنم کە دڵسۆزی ئێمە لەمەڕ پاراستنی خاکی باشووری کوردستان لە هیچ لایەنێکی دیکەی کوردی زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، ئێمە نامانەوێ هێزێکی چەکدار بین لە باشووری کوردستان وکێشە بۆ ئاسایشی ئەو بەشەی کوردستان دروستبکەین، ئێمە دەیان جار وتوومانە کە ڕێگامان بدەن لە هەولێر یا سلێمانی نووسینگەیەکمان هەبێت بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانمان، بەهەر حاڵ ئێمە هەر نائومێد نابین و هەردەم هیواخوازین کە ڕۆژێک بێت موڵەتمان پێبدەن.



*ساڵی 1973 لە گوندی (بەرکوڕی) ناوچەی سەلاسی باوەجانی سەر بە پارێزگای کرمانشان لەدایکبووە. لە تەمەنی 7 ساڵیدا و بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق – ئێران لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی دەبن و تاوەکو ساڵی 1997 لە ئۆردوگای زۆرە ملێی ئەڵتاشی نزیکی پارێزگای ئەنبار ژیانی پەنابەرێتی دەباتە سەر و 1987 تاوەکو 1991 پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان بووەو لە ساڵی 1997 لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ڕێگەی کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانەوە وەک پەنابەرێکی سیاسی دەنێردرێنە وڵاتی نەرویژ و ئێستا سکرتێری (پارتی سەربەستیی کوردستان)ە.*